به ناوی کوردستانی گەورە !

# لە ترسان و لە برسان!

2003/8/3

ح. س. سۆران
soran909@hotmail. com

دە دانە پرسیاری ڕۆژ و تەنیا یەک دانە وەڵام :

(لەگەڵ ڕێز بۆ تەواوی ئەو بیروڕایانەی کە ڕەسەنن و خولقاوی ترس وبرسیەتی نین) .

1- پرسیار : ئەرێ " ئاغا " بۆ هەر لە مورتازی هیندوی گوجەڕاتی دەچی ! ئەو ریشە دێز و چڵکن و ڕەزاتاڵە چیە ؟ بۆ بە چەقۆی زەنگان، وەک هینی و انێک، نایتاشی ؟.

- وەڵام : لە ترسان و لە برسان.

2- بۆ وەک نیسکی مەزرای دێمەکاری بان هۆبەتو چەند دانە روی سەیر و جۆربەجۆرت هەیە ؟

-لە ترسان و لە برسان.

3- بۆ لە جێی کڕاواتە پێکەوتوەکەی جاران، ئەم کراسە بێ یەخە جاوە دژوێنەت، لە سەر ئەو شەلواره ژاکاوە شەمزاوەوە، وەک جاش باڵتە، کردوەتە بەرت ؟

- لە ترسان و لە برسان.

4- بۆ لە پێش ئەوەدا هەرچی بلێی، بە ئەسپایی ولەبەر خۆتەوە فوویەک لە هەوا دەکەی ولەژێر لچەوە بە عەستەم چەند جار دەفەرموی " بیسسس "، " بیسسس "، " بیسسس " ؟

- لە ترسان و لە برسان.

5- بۆ ناوی سەیر و سەمەرەی عەرەبی فوسحەی... وات لە لەو کچ و کوڕە بەسزمانانەت ناوە، کە تەنانەت عەرەبی کوللە خۆری قورەیشی و قولە ڕەشەی زەنگی حەبەشیش نەیان بیستوە؟

- لە ترسان و لە برسان.

6- بۆ بیروڕای هێندە سەیرت هەیە، کە تەنانەت ناکەونە نێو تۆڕی هیچ مەکتەبێکی فەلسەفی " ئیزم" یشەوە ؟

- لە ترسان و لە برسان.

7- بۆ هێندە لە مرۆڤێکی " لە خودا ترس دەچی " ؟

- لە ترسان و لە برسان.

8- بۆچی دەڵێی قوڕ و قەپ (مەلامەلا) ت کردوە !

- لە ترسان و لە برسان.

9 – چۆن لە زەبرو زەنگی قەمچی پاسەوانی ویجدان ناترسی ؟

- لە ترسان و لە برسان.

10- ئەی بۆ دەژی ؟

## بۆ برسیەتی و ترس.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لێی بەرپرسیارنییە.